# ئایا ماڵێکی بێکێشەت دەوێت؟



نووسینی: د. خالد حسن
وەرگێڕانی : سالار عومەر

# ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: ئایا ماڵێکی بێکێشەت دەوێت؟

نووسینی: د. خالد حسن

وەرگێران: سالار عومەر

نەخشەسازی بەرگ : ڕێدار عمر

نـەخـشەسازیی ناوەوە: وەرگێر

تیراژ : ١٠٠٠ دانە .


بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشکەشە بە:

بە هەموو ئەو کەسانەی ئەم نامیلکەیە دەخوێننەوە و لەم ڕێگەیەوە دەست دەکەن بە کارکردن و جێبەجێکردنی هەموو ئەو خاڵانەی لە لاپەڕەکانی دواتر باسمان کردووە.

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆخودای گەورە، و درووود و سڵاو لەسەر پێغەمبەری خودا، و پاشان...

خودای گەورەو میهرەبان فەرزێکی لەسەر ئێمە داناوە کە زۆربەمان لێی بێئاگاین، ئەویش دژایەتیکردنی شەیتانە. خودای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا} فاطر: ٦

واتە: بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە، کەواتە ئێوەش بەدوژمنی بزانن.

بەڵام بەداخەوە، زۆرێـک لەخەڵکـی شـەیتانیان کـردووە بەخۆشەویستی خۆیـان، و ئەو کەسـەی کە قسـەی لەگەڵ دەکەن لەدانشـتنەکان، هـاوڕێی ڕێگەیـان، وە دەرگـای ماڵەکانیـان بـۆکردووەتەوە، بەڵکـو دەرگـای ژووری نوستنیشیان.

هەندێک لەخەڵکی دڵیان بۆی کردووەتەوە، بەفەرمـانی ئەو کـار دەکەن و بەقەدەغەکـانی ئەو دەوەسـتن، تـا وەهـای لێهـاتووە لەجـێگەی خـودای گەورە شـەیتان دەپەرسـتن.

خودای گەورە دەفەرموێت: {أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ ۖ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ} يس: ٦٠

واتە: ئەی نەوەی ئادەم، ئایا پەیمانم پێ نەدان کە شەیتان نەپەرستن؟ بەڕاستی ئەو دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

زۆرێک لەخەڵکی سکاڵای زۆری کێشە دەکەن لەماڵەکانیاندا، لەنێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا، شەڕو ناکۆکی بەردەوام هەیە لەنێوان منداڵەکاندا، هیچ لێکتێگەیشتن و خۆشەویستییەک لەماڵەکەدا نییە.

## چارەسەر چییە؟

بۆچارەسەری ئەم کێشانە، "دە" هەنگاو باس دەکەین کە ئەگەر پەیڕەویان بکەیت، خودای گەورە بەویستی خۆی دەتپارێزێ لەشەیتان، ماڵ و منداڵەکانیشت دەپارێزێت.

# هەنگاوی یەکەم

هەنگاوی یەکەم: لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆماڵەوە یادی خودای گەورە بکە، بەهۆی ئەو سوودە گەورەو زۆرانەی کە شەرع بۆی ڕێنمایی کردووین.

لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە -خودای گەورە لێی ڕازی بێت-نێردراوی خودای گەورە ﷺ فەرمووی:

(إذا ولَجَ الرَّجلُ بيتَهُ، فليقُل : اللَّهمَّ ! إنيِّ أسألُكَ خيرَ المولجِ، وخيرَ المخرَجِ، بسمِ اللَّهِ وَلَجنا، وبسمِ اللَّهِ خرَجنا، وعلَى اللَّهِ ربِّنا توَكَّلنا، ثمَّ ليسلِّم علَى أَهْلِه)

واتە: "کاتێک پیاو دەچێتە ماڵەکەیەوە با بڵێت: اللهم إني أسألك خير المولج وخير المخرج بسم الله ولجنا وبسم الله خرجنا وعلى الله ربنا توكلنا؛ واتە: خودایە داوای باشترین چوونەژوورەوەو باشترین چوونەدەرەوەت لێدەکەم، بەناوی خودای گەورە چووینە ژوورەوەو بەناوی خودای گەورە هاتینە دەرەوەو پشت بەپەروەردگارمان دەبەستین، پاشان سڵاو لەماڵەوە بکات.

# هەنگاوی دووەم

ئەوەیە كە سـلاو لەماڵەوە بكەیت. پێشەوا نەوەوی -ڕەحمەتی خودای گەورەی لێبێت- فەرموویەتی: (یستحب أن یقول: بسم الله، وأن یكثر من ذكر الله، وأن یسلم، قال الله تعالى: {فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً} النور: ٦١

واتە: پەسەندە كە بڵێت: بسم الله، و زۆر یادی خودای گەورە بكات، و سڵاو بكات). خودای گەورە

دەفەرمووێت: {فَـإِذَا دَخَلْـتُم بُيُوتًـا فَسَـلِّمُوا عَـلَىٰ أَنفُسِـكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً} النور: ٦١

واتە: جا کاتێ چونە ژوورەوە بۆ مـاڵان، سـڵاو لە یەکـتری بکەن، سڵاوێکی پڕ بەرەکەت و پاک و بەخێرهاتن لەلایەن خوداوە.

لەئەنەسەوە -خودای گەورە لێی ڕازی بێت - فەرمووی: نێردراوی خودای گەورە فەرموویەتی: (يا بُنيَّ إذا دخلتَ على أهلِكَ فسلِّمْ تكنْ بَرَكَةً عليكَ وعلى أهلِ بيتِكَ)، واتە: ئەی کوڕی خۆم، ئەگەر چوویتە ماڵەوە، سڵاو لەماڵەوە بکە، دەبێتە بەرەکەت بۆتۆو بۆ خەڵکی ماڵەکەت.(ترمذی گێڕاویەتیەوە).

# هەنگاوی سێیەم

ئەوەیە کە زۆر قورئان لەماڵەوە بخوێنیت، چونکە قورئان ماڵ بۆنخۆش و پاک دەکاتەوەو شەیتانەکانی لێدەردەکات.

لەئەبی موسای ئەشعەرییەوە -خودای گەور لێی ڕازی بێت- نێردراوی خودای گەورە ﷺ فەرموویەتی: (مَثَلُ المُؤْمِنِ الذي يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمَثَلِ الأُتْرُجَّةِ، رِيحُها طَيِّبٌ وطَعْمُها طَيِّبٌ، ومَثَلُ المُؤْمِنِ الذي لا يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ، لا رِيحَ لها وطَعْمُها حُلْوٌ، ومَثَلُ المُنافِقِ الذي يَقْرَأُ

الْقُرْآنَ مَثَلُ الرَّيْحانَةِ، رِيحُها طَيِّبٌ وطَعْمُها مُرٌّ، ومَثَلُ المُنافِقِ الذي لا يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمَثَلِ الحَنْظَلَةِ، ليسَ لها رِيحٌ وطَعْمُها مُرٌّ.)

واتە: نموونەی باوەڕدارێک کە قورئان دەخوێنێت وەک نموونەی پرتەقاڵ وایە، بۆنەکەی خۆشەو تامەکەی خۆشە، وە نموونەی باوەڕدارێک کە قورئان ناخوێنێت وەک نموونەی خورما وایە، هیچ بۆنێکی نییە بەڵام تامەکەی شیرینە، نموونەی دووڕوویەک کە قورئان دەخوێنێت وەک نموونەی ڕەیحانە وایە، بۆنەکەی خۆشە بەڵام تامەکەی تاڵە، وە نموونەی دووڕوویەک کە قورئان ناخوێنێت وەک هی گەزگەزک وایە، هیچ بۆنێکی نییە و تامەکەی تاڵە.

**خوێندنی قورئان بە خشوعەوە لەماڵدا، وەها دەکات فریشتەکان لێی نزیک ببنەوە.**

لەئەسیدی کوڕی حوضەیرەوە (خودای گەورە لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (بيْنَما هو يَقْرَأُ مِنَ اللَّيْلِ سُورَةَ البَقَرَةِ، وفَرَسُهُ مَرْبُوطَةٌ عِنْدَهُ، إذْ جالَتِ الفَرَسُ، فَسَكَتَ فَسَكَتَتْ، فَقَرَأَ فَجالَتِ الفَرَسُ، فَسَكَتَ وسَكَتَتِ الفَرَسُ، ثُمَّ قَرَأَ فَجالَتِ الفَرَسُ، فانْصَرَفَ، وكانَ ابنُهُ يَحْيَى قَرِيبًا مِنْها، فأشْفَقَ أنْ تُصِيبَهُ، فَلَمَّا اجْتَرَّهُ رَفَعَ رَأْسَهُ إلى السَّماءِ، حتَّى ما يَراها، فَلَمَّا أصْبَحَ حَدَّثَ النَّبِيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، فقالَ: اقْرَأْ يا ابْنَ حُضَيْرٍ، اقْرَأْ يا ابْنَ حُضَيْرٍ، قالَ: فأشْفَقْتُ يا رَسولَ اللَّهِ أنْ تَطَأَ يَحْيَى، وكانَ مِنْها قَرِيبًا، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فانْصَرَفْتُ إلَيْهِ، فَرَفَعْتُ رَأْسِي إلى السَّماءِ، فإذا مِثْلُ الظُّلَّةِ فيها أمْثالُ المَصابِيحِ، فَخَرَجَتْ حتَّى لا أراها، قالَ: وتَدْرِي

ما ذاكَ؟ قالَ: لا، قالَ: تِلكَ المَلاَئِكَةُ دَنَتْ لِصَوْتِكَ، ولو قَرَأْتَ لَأَصْبَحَتْ يَنْظُرُ النَّاسُ إلَيْها، لا تَتَوارَى منهمْ.)

البخاري والمسلم.

واتە: کاتێک شەوێک سورەتی بەقەرەی دەخوێندو ئەسپەکەی لەلایدا بەسترابووەوە، ئەسپەکە دەستی بەجوڵە کرد. ئەویش بێدەنگ بوو، ئەسپەکەش ئارام بووەوە. دیسان دەستی بەخوێندن کردەوە، ئەسپەکەش دیسان جوڵایەوە. دووبارە بێدەنگ بوو، ئەسپەکەش ئارام بووەوە. پاشان کوڕەکەی، یەحیا، لەنزیکییەوە بوو، ترسا ئەسپەکە پێی لێبدات، بۆیە ڕۆیشت. کاتێک سەری بەرز کردەوە بۆئاسمان، شتێکی وەک سێبەری بینی کە چرای تێدابوو،

کە بەرەو ئاسـمان بەرز دەبـووەوە تـا نەیبینیـیەوە. بەیـانی گێـڕایەوە بـۆپێغەمبەر ﷺ، جـا فەرمـووی: بخـوێنە ئەی کوڕی حوضەیر بخوێنە ئەی کوڕی حوضـەیر، فەرمـووی ئەی نێـردراوی خـودای گەورە دەترسـام لەیەحیـا بـدات، لەنزیکی بوو،سەرم بەرزکردەوە بۆئاسمان وەکو سێبەرێکم بینـی و وەکـو گڵـۆپی تێـدابوو، جـا دەرچـوو تـا نەیبیـنم، فەرمووی: ئایـا دەزانیـت ئەوە چـی بـوو؟ گـوتی: نەخێـر. فەرمـووی: ئەوانە فریشـتە بـوون کە بـۆدەنگی تـۆ نزیـک بووبـــوونەوە، ئەگەر بەردەوام بوویتـــایە ئەوا خەڵکـــیش دەیانبینین و لێیان ون نەدەبوون.

لەسەر ئەم بنەمایە، شایستەی موسڵمانە کە ڕوو لە کتێبی پەروەردگاری بکات، و منداڵ و ماڵباتەکەی فێری قورئان خوێندن بکات، و شتێکی لێ لەبەر بکات.

## هەنگاوی چوارەم

ئەوەیە کە سـوورەتی بەقەرە لەماڵەکەتـدا بخوێنیـت، جـا ئەگەر هەستت کرد کێشەکان لەماڵدا زۆر بوون، دەنگەکان بەرز بوونەوە، وسەرسـەختی و سـەرپێچی دەرکەوت، ئەوا بـزانە کە شـەیتان لەوێـیە، بـۆیە پێویسـتە لەسـەرت کە هەوڵبدەیت لەدەرکردن و دوورخستنەوەیدا.

## بەڵام چۆن بەو شێوەیە؟

لەئەبــو هــورەیرەوە -خــودای گەورە لێــی ڕازی بێــت- فەرمــووی؛ نێــردراوی خــودا ﷺ فەرمــووی: (لكــل شيء سنام، وإن سنام القرآن سورة البقرة، وفيها آية هي سيدة آي القرآن هي آية الكرسي). الترمذي

واتە: هەموو شـتێک ترۆپکــی هەیە، و ترۆپکــی قورئـانیش ســـوورەتی بەقەرەیە، و ئــــایەتێکی تێـــدایە کە گەورەی ئایەتەکانی قورئانە، ئەویش ئایەت کورسییە.

هەروەها لەئەوەوە: (لا تجعلوا بيوتكم مقـابر، إن الشـيطان ينفر من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة). رواه مسلم

**واتە: ماڵەکانتـان مەکەنە گۆڕسـتان، بەڕاسـتی شـەیتان لەو ماڵە ڕادەکات کە سوورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێت.**

**بەتایبەتی کە ئایەت کورسی تێدایە کە باشترین ئایەتی قورئانە، هەروەک پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە.**

# هەنگاوی پێنجەم

ئەوەیە کە مـاڵەکەت لەدەنگـی شـەیتان پـاک بکەیـتەوە، خودای گەورە دەفەرموویت: {وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ} الإسراء: ٦٤

واتە: و هەرکامیان توانیت بە دەنگی خـۆت (کە گـۆرانی و مۆسیقایە) هەڵیانخەڵەتێنە و لە ڕێبازی ڕاست لایان بدە.

موجاهید فەرمووی: دەنگی شەیتان گۆرانییە.

وە نێـردراو ﷺ دەفەرموویـت: (لَيَكُـونَنَّ مِـنْ أُمَّتِـي أَقْـوَامٌ يَسْــتَحِلُّونَ الْحِــرَ وَالْحَرِيــرَ وَالْخَمْــرَ وَالْمَعَــازِفَ) رواه البخاري.

واتە: لە ئوممەتەکەمـدا کۆمەڵێـک پەیـدا دەبـن کە زینـاو ئاوریشم و مەی و ئامێرەکانی مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن[1].

ئیــبن مەســعود -خــودای گەورە لێــی ڕازی بێــت- دەفەرموویـت: "گـۆرانی دووڕوویـی لەدڵـدا دەڕوێنێـت هەروەک چۆن ئاو گژوگیا دەڕوێنێت.

" ئەبـو حەنـیفەش -ڕەحمەتـی خـودای گەورەی لێبێـت- دەفەرموێت: "گوێگرتن لەگۆرانی گوناهە.

[1] (بوخاری ڕیوایەتی کردووە).

" ئیمامی مالیکیش -ڕەحمەتی خودای گەورەی لێبێت- کاتێک لێی پرسیارکرا دەربارەی گۆرانی، فەرمووی: "تەنها گوناهباران ئەو کارە دەکەن".

برای موسڵمانم بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە گۆرانی حەرامەو دەنگی شەیتانە، و ئەگەر شەیتان لەماڵێکدا بانگ بکات سەربازەکانی لەهەموو لایەکەوە کۆدەبنەوەو خراپە لەماڵەکەدا دەکەن و ناکۆکی و دووبەرەکی و ڕق و کینە دەنێنەوە،ئەگەر گۆرانی لەماڵدا زۆر بێت شەیتانەکان تێیدا نیشتەجێ دەبن و کێشەکان زۆر دەبنەوە.

# هەنگاوی شەشەم

ئەوەیە کە ماڵەکەت لەخاچ پاک بکەیتەوە چونکە دروشمی گاورەکانە.

نەهیمان لێکراوە لەخۆچواندن بەجوولەکەو گاورەکان، و بەداخەوە خاچ چووەتە ناو ماڵی موسڵمانانەوە، بتەوێ بچیتە هەرماڵێکەوە هەر دەبێت خاچێک ببینێ ، لەسەر بەرماڵ بێت یان پەردەکان یان لەسەر نەقشی دیوارەکان، یان جگەلە ئەوانەش.

لەعائیشەوە -خودای گەورە لێی ڕازی بێت- پێغەمبەر ﷺ هیچ شتێکی لەماڵەکەیدا نەدەهێشت کە وێنەی خاچی لەسەر بێت، ئیللا دەیشکاند.

## ئایا ماڵەکانمان لەم خاچانە پاک نەکەینەوە بۆئەوەی ژیانێکی بەختەوەر بژین؟؟

# هەنگاوی حەوتەم

ئەوەیە کە ماڵەکەت لەوێنەو پەیکەر پاک بکەیتەوە، و ئەرکە لەسەر موسڵمان کە ماڵەکەی پاک بکاتەوە لەپەیکەرەکـان، وە هەروەها پاکیشیان بکـاتەوە لەوێنەکـان جـگەلە ئەوانەی بۆپێویســـتییە، ئەوەش لەبەرئەوەی فریشــــتەکان نــــاچنە مـــاڵێکەوە کە وێــنە یــان پەیــکەری تێــدابێت، و ئەگەر فریشـــتەکان لەماڵێــک بچــنە دەرەوە، شــەیتانەکان تێیــدا نیشتەجێ دەبن.

لەئەبــو هــورەیرەوە -خــودای گەورە لێــی ڕازی بێــت- فەرمووی: نێردراوی خودا ﷺ فەرمووی: (إِنَّ الْمَلائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ تمَاثِيلُ أَوْ تَصَاوِيرُ.)

واتە: فریشــتەکان نــاچنە مــاڵێکەوە کە پەیــکەر یــان وێــنەی تێدابێت.

# هەنگاوی هەشتەم

ئەوەیە کە زۆر نوێژی سوننەت لەماڵەوە بکەیت.

لەئیبن عومەرەوە خودای گەورە لێی ڕازی بێـت- پێغەمـبەر ﷺ فەرمـووی: (اجْعَلُـوا فِي بُيُـوتِكُمْ مِـنْ صَـلاتِكُمْ وَلا تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا.) رواه البخاري والمسلم

واتە: بەشێک لەنوێژەکانتان لەماڵەکانتاندا بکەن و مەیانکەن بەگۆڕستان.

نـوێژی سـوننەت لەماڵـدا دووتـرە لەڕووپامـایی -ڕیـا-و پـارێزراوترە، و بەرەکەت دەهێنێـتە مـاڵەوە، و دەبێـتە هـۆی دابەزینی بەزەیی و فریشتە، و شەیتانەکان لێدەردەکات.

نێردراوی خودا دەفەرموێت: (صَلُّوا أَيُّهَا النَّاسُ فِي بُيُـوتِكُمْ فَإِنَّ أَفْضَلَ الصَّلاةِ صَلاةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِـهِ إِلا الْمَكْتُوبَـةَ.)رواه البخاري

واتە: ئەی خەڵکیـنە لەماڵەکانتانـدا نـوێژ بـکەن، چـونکە باشترین نوێژ نوێژی مرۆڤە لەمـاڵی خۆیـدا، جـگەلە نـوێژە فەرزەکان.

## هەنگاوی نۆیەم

وشــەی جــوان و زەردەخەنەی گەش؛ چــونکە زانــراوە کە شـــەیتان دەیەوێـــت کـــۆمەڵگەی موســـڵمانان بەفێـــڵ و پلانەکـانی لەناوببـات. ئەو تەڵەکە دادەنێــت و جێبەجێــی دەکات و پلان دادەنێت.

لەجـابری کـوڕی عەبـدوڵڵاوە -خـودای گەورە لێـی ڕازی بێت- فەرمووی نێردراوی خودا ﷺ فەرمووی: (إِنَّ إِبْلِـيسَ يَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ فَأَدْنَاهُمْ مِنْـهُ مَنْزِلَـةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا فَيَقُولُ

مَا صَنَعْتَ شَيْئًا قَالَ ثُمَّ يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ امْرَأَتِهِ قَالَ فَيُدْنِيهِ مِنْهُ وَيَقُولُ نِعْمَ أَنْتَ.)

رواه مسلم

واتە: بەڕاستی ئیبلیس عەرشەکەی لەسەر ئاو دادەنێت، پاشان سوپاکەی دەنێرێت، نزیکترینیان لێیەوە لەپلەدا گەورەترینیانە لەئاژاوەگێڕیدا. یەکێکیان دێت و دەڵێت: فلان کار و فلان کارم کرد. ئیبلیس دەڵێت: هیچت نەکردووە. پاشان یەکێکی تر دێت و دەڵێت: وازم لێنەهێنا

تـا نێـوانم لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا تێکـدا. ئیبلـیس لەخـۆی نزیکی دەکاتەوە و دەڵێت: تۆ چاکیت)[1].

بـۆیە پێویسـتە لەسـەر مێـرد بەچـاکە مـامەڵە لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا بکـات، و باشـترین شـێواز هەڵبژێرێـت لەقسەکردن.

خودای گەورە دەفەرموێت: {وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ} الإسراء: ٥٣

واتە: و بەبەندەکانم بڵێ با بەجـوانترین شـێوە قسـە بـکەن، چـونکە شـەیتان نێوانیـان تێکـدەدات. وە پێغەمـبەر ﷺ دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ وَأَنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي)[1]

[1](موسلیم ڕیوایەتی کردووە).

واتە: باشترینتان، باشترینتانە بۆماڵ و خێزانی، و منیش باشترینتانم بۆماڵ و خێزانم.

هەروەها پێویستە لەسەر هاوسەر (ئافرەت) کە جوانترین دەستەواژەکان هەڵبژێرێت، و باشترین جلەکان لەبەر بکات، و خۆشترین بۆنەکان بەکاربهێنێت، بۆئەوەی هاوسەرەکەی (پیاو) دڵخۆش بکات و بۆجگەلە ئەو نەگەڕێ. هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أَلا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ مَا يَكْنِزُ الْمَرْءُ؟ الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ إِذَا نَظَرَ إِلَيْهَا سَرَّتْهُ وَإِذَا أَمَرَهَا أَطَاعَتْهُ وَإِذَا غَابَ عَنْهَا حَفِظَتْهُ)[٢]

---

[١](تیرمذی ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە).

[٢](ئەحمەد و ئەبو داود ڕیوایەتیان کردووە).

واتە: هەواڵی باشترین شتتان پێبدەم كە مرۆڤ دەتوانێت بیكاتە گەنجینە؟ ئافرەتی چاكەكارە، كە ئەگەر سەیری بكات دڵی خۆش دەكات، و ئەگەر فەرمانی پێبكات گوێڕایەڵی دەكات، و ئەگەر لێی دوور بكەوێتەوە دەیپارێزێت.

## هەنگاوی دەیەم

پاراستنی منداڵان لەشـەیتانەکان و خەم و چـاوی پـیس، و دەکرێت منداڵەکانت بەیانیان و ئێواران کۆبکەیتەوەو بڵێی:

أُعِيذُكُمَا بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ .

واتە: ئێـوە دەسـپێرم بەوشـە تەواوەکـانی خـودای گەورە لەهەموو شەیتان و مارو مێرولەیەک، و لەهەموو چـاوێکی پیس.

لەئیبن عەباسەوە -خوا لێیان ڕازی بێت- پێغەمبەر ﷺ حەسەن و حوسێنی پەنایانی دەگرت و دەیفەرموو: (إِنَّ أَبَاكُمَا كَانَ يُعَوِّذُ بِهَا إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ)[1]

واتە: باوکتان (ئیبراهیم) ئیسماعیل و ئیسحاقی بەم نزایە دەپاراست: پەنا دەگرم بەوشە تەواوەکانی خودای گەورە لەهەموو شەیتان و مارو مێرولەیەک، و لەهەموو چاوێکی پیس.

[1] (بوخاری ڕیوایەتی کردووە).

# لەکۆتاییدا

ئەمە کۆمەڵێک ڕێنماییە باسم کردووە بۆئەوەی موسڵمان جێبەجێی بکات پێی نویک ببێتەوە لەپەروەردگاری و ژیانێکی خۆش و ئارام بژێت. زۆرێک لەخەڵکی ئەم ڕێگایەیان تاقیکردووەتەوەو ئارامییان لەناو ماڵەکانیاندا بینیەتەوە، و هاوسەنگی لەنێوان منداڵان و لێکتێگەیشتنی نێوان هاوسەرەکانیان بینیەتەوە.

داواکارم لەخودای گەورە بەمنەت و گەورەیی خۆی ماڵەکانمان لەخراپەکان پاک بکاتەوەو ژیانێکی خۆشمان

پێبەخشێت لەدونیا و دوارۆژدا. و صلى الله على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين...

دکتۆر خالد حەسەن: پسپۆڕی سوننەت و زانستەکانی لەزانکۆی ئیسلامی لەمەدینەی پیرۆز/ کۆلێژی حەدیث.

## بەرهەمەکانی نووسەرو وەرگێڕ (سالار عمر):

١- ژیانی دووەمی مرۆڤ.

٢- پێگەی دایک و باوک لەم سەردەمە.

٣- ڤالآنتاین لەنێوان ڕاستی و چەواشە.

٤- فیستیڤاڵی ڕەنگەکان (holi).

٥- دەریایەکی بێ کەنار.

٦- هالۆوین جەژنی دەرەمۆک و ترسنۆکەکان.

٧-وشەکانم دەنگیان نایە.

٨-شاری زینا (pompeii)

٩-یۆگا لەنێوان (وەرزش، فەلسەفە، ئایینداا).

١٠- (٢٠)بـــابەتی گرنـــگ و پوخـــت دەربـــارەی قوربانیکردن

١١- ئــــاهەنگی ڕۆژی دەرچــــوون لەکــــۆلێژ و پەیمانگەکان.

١٢- جوولەکە لەتەورات و ئینجیلدا.

١٣- شاخەوانی (مێژوو،پێداویستی، سوودەکانی).

١٤- دوورگەی لیتل سانت جەیمس. "L.S.J".

١٥- ناوبانگی پووچ (تیک تۆک چییەکان).

١٦- مرۆڤی سەگی.

١٧- ٤٥ بەڵگە لەسەر گەورەیی زانست. ( وەرگێڕان).

١٨-سووکایەتیکردن بە ئایین بە پاساوی ئازادی.

١٩- ئایا ماڵێکی بێکێشەت دەوێت؟ (وەرگێڕان)

٢٠-هاوسەرگیری مسیار و دەرئەنجامەکانی ( ٨ کورتە چیرۆکی ڕاستەقینە).

## بەرهەمەکانی بۆمنداڵ و نەوجەوانان.

١- پایەکـــانی ئیســـلام و ئیمـــان بۆمنـــداڵان و نەوجەوانان.

٢- ئادابی ئیسلامی جوان بۆ منداڵان و نەوجەوان.

٣- بیست پرسیار لەلایەن منداڵان وەڵامیان لەپێغەمبەری خودا ﷺ.

٤-جەژنەکانی ئێمە.